هەموو مافەکان دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا، تەنانەت تۆڵە دەکرێتەوە لەو بەرانەی قۆچدارە بۆ ئەو بەرانەی کە بێ قۆچە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو مافەکان دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا، تەنانەت تۆڵە دەکرێتەوە لەو بەرانەی قۆچدارە بۆ ئەو بەرانەی کە بێ قۆچە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ستەملێکراو تۆڵە دەکاتەوە لەو کەسەی ستەمی لێکردووە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەتاوەکو تەنانەت تۆڵە دەکرێتەوە لەو بەرانەی قۆچدارە بۆ ئەو بەرانەی کە بێ قۆچە چونکە ئەو قۆچی شکاندووە، وپەروەردگارت ستەم لە هیچ یەکێک ناکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5824